# قەڵەمی کرێگرتە لە مەزاتخانەی حیزبدا

ئیدریس عەلی

قەڵەم ئەو ئامێرە بەنرخەی بەهۆیەوە فێرە نوسینو زانستو تێگەیشتن دەبین، قەڵەم ئەو هاورێ زۆر نزیکەی رۆحو ئەندێشەی مرۆڤ کە ئەگەر ئەونەبێت ناتوانین شعرو ستونو نامەو خاتیراتەکانی رۆژانەمان بنوسینەوەو سەیقی بکەین بۆژیانی داهاتومان. . سەرکردەکانی دوونیا، دکتۆرو مامۆستاو کرێکارو وەزیرو منالو ژن. . کام لەمانە بەهۆی بوونی قەڵەمەوە فێری ئەلفوبای فیکرو سیاسەتو روشنبیری نەبوون؟ ئاخر ئەگەر قەڵەم بەو مەزنییەی خۆی نەبایە، ئێمەی مرۆڤ چ تاریك بینێکی بەد دەووین؟ بەڵام من دەڵێم کێن ئەوانەی وەك خۆی رێز لەقەڵەم ناگرن؟ کێن ئەوانەی قەڵەم بۆ ئازادیو خۆشەویستی ژیانو مرۆڤ بەکارناهێنن؟ ئاخر هەندێك لەنوسەران بەخاتری پارەو ئیمتیازاتی حیزبیو حکومی، بەبێ ئەوەی نرخی قەڵەم بزانن دەچن هەرزان فرۆشی دەکەن، شیعری پێدەنوسن بەسەر باڵای سەرکردەکاندا، لەرۆژنامەکاندا درۆی سەیر سەیرو ستونی چەواشەو گۆشەی بێمانای پێدەنوسن، بەم شیوەیە حیزبو دەسەڵات قەڵەمی کرێگرتە بەرهەم دهێنن، لەمەزاتخانەی سیاسەتو بەرژەوەندی تایبەتیدا نرخیان لەسەر دادەنێن، گەر قەڵەمێکی ئازادیخوازو ئەهلی لەروانگەی بەرژەوەندی هاووڵاتیانی هەژارو زەحمەتکێشەوە (رەخنەیەك، گللەییەك، تەنزێك) ی رۆژنامەوانی بهاوێتە حیزبو دەسەڵات، خێرا قەڵەمە کرێگرتەکان دێنەگۆو بەسەدووهەشتا پلە پێچەوانەی ئەخلاقی ئازادی نووسین ورەخنەگرتن (کەخۆیان ئیدعای دەکەن. . !) دێنە وەڵامو بەپاساوی نابەجێو نامەنتیق لەرۆژنامەکانیاندا درۆ ریز دەکەن، ناحەقیشیان نییە ئەوان کەگەرم کەرەوەی جەولەکانی شەری ناوخۆبوونو لەرۆژە سەختەکانی گرانیو گەمارۆی ئابوریدا پیشەیان دەمکووت کردنو راپۆرت نووسین بووە لە سەرهەر دەنگێك کە گوتبێتی :ئەم وەزعە قابیلی تەحەمول نییە. . ئێستاش لەم سەردەمە تازەدا گەر ئەو کاسپییە بەقەڵەمەکانیانەوە نەکەن ئەوا خودا (ببورن. . !) حیزب نانیان دەبرێت، بۆیە تکاتان لێدەکەین رێز لەقەڵەمەکاتان بگرن.

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت